# سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن و چەند ئامۆژگارێیك بۆ قوتابیان

[ بە كوردی ]

# العام الدراسي الجديد وبعض النصائح للطلاب

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز

الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن و چەند ئامۆژگارێیك بۆ قوتابیان

سوپاس بۆ خوای گەورە وا جارێکی تر قوتابیان و خوێندکاران دەگەڕێنەوە بۆ نێو قوتابخانە و پەیمانگەو زانکۆکان ، بۆیە پێم خۆشە ئەم بابەتە پێشکەش بکەم بەخوێنەرانی ئازیزم وەکو بیرخستنەوەیەك و ئامۆژگارییك و، لەچەند خاڵێکدا کورتی بکەمەوە:

خاڵی یەکەم: دەربارەی نیاز پاکی:

بەبیری هەموو قوتابێك و خوێندکارێك دێنمەوەدەربارەی نیاز پاکی لەهەموو ئیش و کارێکدا، وەچاکترین کاریش برتیەلەفێربوونی زانست بەشێوەیەکی گشتی و ، زانستی شەرعی بەتایبەتی.

با هەمووم خوێندکاران بەخۆیاندا بچنەوە و پرسیار لەخۆیان بکەن ئایەبەتەمای چین و مەبەستیان چیەلەفێربوونی زانست؟

نابێت مەبەست تەنها دونیا بێت و، بەدەسهێنانی وەزیفەبێت؛ چونکەئەوەی داوای دوا رۆژ بکات،بێ گومان دونیا و دوارۆژی دەستدەکەوێت، وەئەوەی داوای دونیا بکات ئەوەدوارۆژی لەدەس دەچێت و تەنها ئەوەی دەست دەکەوێت کەبۆی نوسراوەلەدونیا.

خاڵی دووەم: دەربارەی برادەرایەتی:

پێویستەخوێندکاری ژیرو دانا برادەری باش بۆ خۆی هەڵبژێرێت لەهەموو کاتێکدا، بەتابەتی لەکاتی خوێندن، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : " المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل ".وەدەبێت دوور بکەوێت لەبرادەری خراپ و تەمبەڵ...

خاڵی سێیەم : دەربارەی تێکڵاوی لەنێوان کور و کچدا:

زۆر بەداخەوەلەزۆربەی زۆری وڵاتان هەردوو ڕەگەزەکەتێکەڵاو دەکرێن...وەکوردستانی خۆمانیش لەو موسیبەت و گوناهەدوور نیە، وەلەهەندێ وەڵاتانی ئەوروپی گەشتونەتەقەناعەت کەوا تێکەڵاوی لەنێوان کچ و کوردا شوێنەواری خراپی هەیەلەسەر ئاستی خوێندن ، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا هەر چۆن

بەڕیاری کۆنگرەی پەروەردەیی دەبێت ئەم ساڵ قوتابخانەی بنەرەتی دروست بکرێت، کورو کچ تێکەڵ بکرێت.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە پڕیارانە لەخزمەتی میللەتی موسڵمانی کوردا نیە، نابێیت ئێمە هەر شتێکی خراپی غەرب و ئەوروبا هەیە بهێنین و جێ بەجێی بکەین لەکوردستاندا.

خاڵی چوارەم : دەربارەی جل و بەرگ:

دەبێت قوتابیان ( کور و کچ ) خۆیان بپارێزن لەو جل و بەرگانەی کەدوورە لەحشمەتەوە، چونکە ئەگەر تەماشای خوێندگاکانی کوردستان بکەین دەبینین زۆرێك لەکچان و کوران جل و بەرگیان ناشرعیەو، بێ گومان ئەم جۆرە جلانە مرۆڤ تاوانبار دەکات و، پاشان شوێنەواری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی خوێندن.

خاڵی پێنجەم: دەربارەی خوێندنی رۆژانە :

زۆر گرنگە قوتابی کاتی دیاری کراوی هەبێت بۆ خوێندن و، ئەم خاڵانەی خوارەوە بەبیری خۆی بهێنێتەوە:

* پێش هەموو شتێك دەبێت قوتابی پشت بەخوای گەورە ببەستێت لەکاتی خوێندندا.

* عەقلی مرۆڤ لە پاش پشوودان لەو پەڕی تواناداییە بۆ وەرگرتنی زانیاری...بۆیە خوێندکار نابێت کەم تەرخەمی بکات لەپشودان بەلاشەی و مێشکی.

* لەپاش خواردنێکی قورس و چەور دامەنیشە بۆ خوێندن، چونکە خوێن لەو کاتەدا بەرەو مەعیدە دەروات نەکو مێشك.

* ئەو کاتانە دیاری بکە بۆ خۆت کەئەزانیت بەرهەمت دەبێت تێیدا، وەئەم خاڵە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیەو،باشترین کات بۆ خوێندن بریتیە لەپاش نوێژی بەیانی؛ چونکە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:(( بورك لأمتي في بكورها )).

خوێندکارانی بەڕێز: ئەگەر دەتانەوێ سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەخوێندندا، دەبا دروشمتان بریتی بێت لە: خوێندنی زۆر ... تێگەیشتنی باش... لەبەرکردنی وانەکان رۆژ لەدوای رۆژ...

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورە هەموو قوتابێك و خوێندکارێکی موسڵمان لەکوردستانی ئازیزدا سەرکەوتوو بکات و بیانکاتە نمونەیەکی جوان لەنێو کومەڵگەدا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد على آله وصحبه أجمعين